# هیچت لە دەس نایە، هیچش مەڵێ

**زۆرکەس هەیە هەر دەوێژن ونایپێژن**

**ئەوێمە بەگێژ دەزانن و خۆیان گێژن**

**(مامۆستا هەژار)**

کۆمەڵی خوێندکاری کوردی زانستگاکانی ئێران، لەهەموو کاتێکدا، تەنیاوتەنیا لەسەر بناغەی «کورد بوون» یەکیان گرتووەو بوونە هۆی دامەزراندنی گوڤارێك بۆ گەیشتن بە هەندێك مەبەست، بەڵام پاش دەرکردنی چەند ژمارە بە ئاکام نە گەیشتوون وکاریگەریەك کە ویستوویانە بیانبێ، نەیانبووە. ئیمەش کە شەققەیەکین لەو فڕینە، نەمانتوانیوە ئەو کێشەیە لە نێو خۆماندا چارە سەر کەین، بەڵام نوسینی هەر تاقە پیتێك کە نوێنەری کورد بێ، تێکۆشانێکە و هەر تێکۆشانێك جێگای ڕێزەو لە هزری کۆمەڵگای کوردیدا شوێنی خۆی دادەنێ.

ماوەی ساڵێکە درگای ژیوەرمان لێ سواغی کا گڵ دراوە، ئەمجار دەمانەوێ دەلاقەیەك لە هەزاران دەلاقە ی کولتوورو ئەدەبی کۆمەڵگای کوردی بکەینەوە.هیچ نەبێ لەو ماوەیەدا دەرفەتێکی زۆرمان بۆ ڕەخسا تا بیر لەوە بکەینەوە کەلەبەر چی ساڵێك هیچمان پی نەبوو بۆ گوتن و ساڵەکانی پێش لەویش ئەو کاریگەریەی دەبوو بمانبێ، نەمانبوو؟ تێفکرین کە بۆچی بووینە هۆی ئەوەی کە هیچ تێکۆشانێك لە مەڕ ئەم گۆڤارە لە ئارادا نەبێو هەروا تەنیا لەسەر زمان بێو هەموو ڕۆژێ لێمان بپرسن: ‹‹ ئەرێ نەشریەکەتان بوو بە چی ؟››. ئەرێ! فکرمان لەوە کردەوە کە کەم و کووڕی کاری خۆمان و هاوڕێیانی پێشوومان چی بوو؟ ئەمجار هەوڵمان داوە ئەم کەم و کووڕییانەو ئەو وتارانەو ئەو شیعرانە نەمێنێ، کە بێ هیچ مەبەستێك و تەنیا لەبەر ئەوەی کەناوی ئاغا یا خانم لە پەنا عینوانی ‹‹ گرداورندە›› لە ژێر شیعر یا وتارەکە بنووسرێ، دەهاتە نێو گۆڤارەکە. ئێمە تەنیا لەباتی سپاس، دەتوانین پێیان بڵێین:‹‹ ماندوو نەبن خوشکان و برایانی گرداورندە!!!...››.

زۆر مەبەست دەهاتە ئاراوە کە نەیانتوانی و ناتوانن هیچ خزمەتێك بە ئەدەب و کولتوور و زانستی خوێنەر بکەن و تەنیا گەڵایەك لە گۆڤاری ژیوەر زەرد و گەڵایەك لە ژیوەری کورد سیس دەبوو و هەڵدەوەری. زۆر جار شیعر دەگەیشتە دەستمان بەڵام شاعیری نەبوو... جاری وایش بوو شیعرێکمان لە چاپ دەدا کە شاعیرەکەی شەو خەوی دەدی و مەلابانگان دەیهێنا کە بۆی چاپ کەین، تازە دەبوو کەسێکمان بۆ تەرخان کردایە تا وشە نابەجێکانی جێبەجێ کا، ئاخر شاعیرەکەمان بەسەر ئەلف بێتکەو ڕێنووسی زمانی کوردی شارەزایەتی نەبووـ گل بود و بە سبزە نیز اراستە شدـ